# رۆژنامەیەك لە دژی فاشیزم

ئەوەی لەبەرامبەر رۆژنامەی ئەلكترۆنی دەنگەكان پیادە كرا بەهۆی هاك كردنی ئێمە وەكو ئەندامانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری كەركوك و گۆڤاری شانۆكار ناڕزایەتی خۆمان دەردەبڕین لەبەرامبەر ئەو هەوڵەی كە بەتەنیا بەمەبەستی پەك خستنی دەنگەكان نەبووە بەڵكو شەڕێكی كولتوریە كە ئێمە رۆژانە لەناو شاری كەركوك زۆر بەقووڵی هە ستی پێدەكەین بەلاّم فاشیزم و ئەتاتوركەكان وەك چۆن هەمیشە ڕسوایی بۆ خۆیان تۆمار دەكەن ئاواش جارێكیتر پێیان ووتین كە ئەوان ناتوانن دەنگی ئێمە قبوولْ بكەن وەك چۆن پێشتر لەبەرامبەرماڵپەڕەكەی هونەرمەند عەدنان كەریم هەمان شەڕی خۆیان ڕاگەیاند، بەلاّم ئێمە بە قووڵی هەست بەو شەڕە كولتوریە دەكەین و تاكە كولتورێك كە لەو شەڕە دۆڕاو بێت ئەوە كولتوری توركیە چونكە ناتوانیٚ كرانەوە بەسەر خۆی قبوولْ بكات، ئومێدمان وایە ئەمرۆ جارێكیتر بەهەمان ڕەنگ و دەنگەوە تاقە رۆژنامە ئەلەكترۆنیەكەمان دەنگەكان ببینینەوەووەك چۆن بۆ روناكبیرانی كەركوك دەنگەكان ماڵێكی هێمن و جوانە ئاواش هاك كردنی ئەم ماڵە بە هێرش بۆسەر ماڵی ڕوناكبیرانی كەركوك و هەموو ناوەندێكی كولتوری تری كوردی دەزانین، ئێمە لەپێناو دژایەتی كردنی ئەو هەوڵەوی فاشیزمی تورك بە جدی دێینە پێشەوە، دەسا دەنگەكان ماڵە جوانەكەمان هەر با بەم زمانە لۆژیك ئامێز و هێمنە بەدژی فاشیزم بوەستێتەوە.

گۆڤاری شانۆكار تیپی شانۆی ئەزمونگەری كەركوك

2007/7/6 كەركوك